## *کۆماری ئیسلامی و عـــەداڵەتی کۆمەڵایەتی!*

بەپێی راپۆرتی بانکی ناوەندی ئێران لە ساڵی ١٣٨٦ ی هەتاویدا، جەمعیتی ئەم وڵاتە بە ٧١،٥ ملیۆنی نەفەرەوە لەگەڵ رادەی بێکاری ١١,٩٪ و تەوەرومی ١٨,٤٪ ڕوو بە ڕووە، هەر بە پێی ئەم راپۆرتە داهاتی ئەرزی (سادەرات) ئەم وڵاتە ٩٧ ملیارد دۆلار و وارەداتی ٥٦ ملیارد دۆلارە، ٢٨ ملیارد دۆلاریش قەرزداری وڵاتانی دەرەوەیە. لە بیرمان نەچێت کۆماری ئیسلامی بەفرۆشتنی بۆشکەیەک نەوەت بە١٤٠ دۆلار لە بازاری جیهانیدا دەیتوانی داهاتی ساڵی ١٣٨٦ بە ٩٧ ملیارد دۆلار بگەیەنێت.

ئەمرۆ دەبینین بازاری ئابووریی جیهان لە گەڵ قەیرانێکی توندی بێوێنە لەچەندین دەهەی رابووردوودا ڕوو بەڕووە، سەرەرای ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران پێیان وابوو کەئەوقەیرانەجیهانییە خودا نسیبی کفاری کردووە، بەڵام هەر زوو دەرکەوەت کە بڕبڕەی پشتی ئابووریی ئێرانی نەوەتی شکاندووە، ئەمرۆ دەبینین کە بۆشکەیەک نەوت لە بازاڕی جیهانیدا لە ١٤٠ دۆلارەوە بۆ ٦٠ دۆلار دابەزیوە!

قەیرانی ئابووریی جیهانی و هاتنەخوارەوەی قیمەتی نەوت هەر لە ئێستاوە وەزارەتی فێرکردن و بارهێنان *ئێرانی لە* گەڵ کەسری بودجەی ٨٠% یدا ڕوو بەڕوو کردووە، عەلیرەزا عەلیئەحمەدی وەزیری وەزارەتی فێرکردن و بارهێنانی ئێران دەڵێت: " ئەم وەزارەتخانە لە حەوەت مانگی ئەوەڵی ئەمساڵ لەگەڵ کەسری بودجەی شەش هەزار ملیارد تەمەن (٦ ملیارد دۆلار) ڕوو بەڕووە"، ئەوە لە کاتێکدایە کە بودجەی ساڵی پێشووی ئەم وەزارەتخانە هەشت هەزار و سێسەد ملیارد تەمەن (هەشت ملیارد و ٣٠٠ ملیۆن دۆلار) بووە، کە جێگەی سەرسوڕمانی هەموو پسپۆڕانی بواری ئابوورییە!

بە پێی ئاماری ئەم وەزارەتخانەیە، وەزارەتی فێرکردن و بارهێنانی ئێران زیاتر لە ١٥ ملیۆن قوتابی و یەک ملیۆن مامۆستای لە ژێر چەتری خۆی دەگرێت. تا ئێستایش روون نییە کەوەزیری وەزارەتی فێرکردن و بارهێنان و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەم کەسری بودجەچۆن جێبەجێ دەکەن.

لەم قیرانە ئابوورییەدا دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بەدانی پلاتفۆرمێکی نوێ گوایا دەیانەوێت فاسڵەی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا کەم بکەنەوە، بێشک فەقیر و هەژاری کۆمەڵگای کوردستان (رۆژهەلات) لەم پرۆژەئابوورییەی دەسەڵاتدارانی تاران بێ بەش نیین!

کەیۆمرث ئەمیری بەرپەرسی رێکخراوی ئابووریی و دارایی پارێزگای کوردستان لە١٢ ی مانگی هەشتی **١٣٨٦** دا دەڵێت:
"مەبەست لە دانی یارانەکەمکردنەوەی فاسڵەی چینایەتی لە کۆمەڵگادایە، ئەمەدەستپێکێکەبۆ ئاڵۆگۆڕی ئابووریی لە وڵات، .... مەبەستمان دامەرزاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتیە".

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم پلانە،دەوڵەت خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری ئابووریی لەسەر بنەماڵەکانە، تا بە پێی ئەو زانیارییەیان کەلە سەر داهاتی توێژەکانی کۆمەڵگا بەدەست دێت یارانەیان پێ بدرێت. بەرپرسی ئابووریی و دارایی پارێزگاری کوردستان دەڵێت "ئەگەر دانی یارانە بە خەڵک تەوەرومی بە دواوە بێت، ئەوان یارانە بە شێوەی جنس (کاڵا) بە خەڵکی دەدەن".

پاش ٢٩ ساڵ دەسەڵاتداری بە زەبری هەڵباستن و کوشتن و ئەشکنجەو زیندان بەسەر خەڵکی سیاسیی و رووناکبیر و تێگیشتووی وڵاتێکی فەرەنەتەوەیی، پاش ٢٩ ساڵ وێرانکاری و رووخاندنی ژێرخانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتوریی گەلانی بندەستی ئێران، پاش ٢٩ ساڵ دزی و گەندەڵی بێسنوور، ئەمڕۆ سەرانی کۆماری ئیسلامی ئیدعای دامەرزاندنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بۆ گەلانی ئێران دەکەن! لە سەردەمێکدا ئەم پلانە لەقاو دەدرێت کە قەیرانێکی ئابووریی بێ وێنە لەچەندین دەهەی رابووردوودا، بازاڕی جیهانی لەگەڵ ئالۆزیەکی نادیاردا ڕوو بەڕوو کردوە، لە هەلومەرجێکدا کە٢٠ ملیۆن کەس لە ئێرانی فرەنەتەوەییدا لە ژێر خەتی نەبوونیدا دەژین، لە هەلومەرجێکدا بەهاتنەخوارەوەی قیمەتی نەوەت داهاتی ئەرزی ئێران بەکەمتر لە نیوە دەگات. سەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرگەرمکردنی خەڵک بەپیلانێکیتەرەوەئەمجارەیان بەدانی یارانەبەخەڵکی کەمداهات "بەمەبەستی گەیشتن بەعـــەداڵەتی کۆمەڵایەتی" هاتوونەتەمیدان!

هێشتنەوەی کۆمەڵگای کوردستان بە شێوەی مەسرەفی ئیستراتیژی هەموو داگیرکارانی کوردستانە، سیاسەتێک کەئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان بە کاری دێنێت هەمان سیاسەتە کە رژیمی بەعث بە درێژایی تەمەنی خۆی دژی خەڵکی باشووری کوردستان بە کاری هێنا، کۆمەڵگای باشووری کوردستان بەشێوەیەکی مەسرەفیی هێشتەوەکە ئێستایش پاش ١٨ ساڵ لە دوای رووخاندنی رژیمی سەدام حوسین کۆمەڵگای کوردستان هەر بەو دەردەوە دەناڵێت.

هەر بۆیەخەڵکی کوردستان (رۆژهەلات) پاش ٢٩ ساڵ دەسەڵاتداریەتی داگیرکاری کۆماری ئیسلامی هەر دەبێت چاوەڕووانی دەستی ئەوان بن بۆ مایەحتاجی رۆژانەیان. ئەگینا سەرانی دەسەڵاتدار باش دەزانن کە لەسیستەمێکی ئاوا گەندەڵ و دەزدا باس لەعەداڵەتی

کۆمەڵایەتی تەنها فێڵوفیشاڵە، تەنها سەر گەرمکردنی خەڵکە بە ژیانی سەد مەرگیانەوە، دەردی چاری کۆمەڵگای مەسرەفی وەگەڕخەستنی کارگای پیشەسازیە بە مەبەستی هەڵخڕاندنی کار بۆ بێکاران، کە٥٠٪ لەکۆمەڵگای کوردستانی تێدا خنکاوە.

هێرش عەلیزادە **٢٠٠٨/١١/٤**

بەشی پێوەندیەکانی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)